# رووحيك دةمري و تؤش لة بيئاطاييدا ............



جةمال ثيرة

لەوەتەی هەستدەکەم لەنێو حیکایەتە گەورەکاندا هەموومان بۆ تا ئەبەد خوولدەخۆینەوەو رۆچووینەتە نێو سەرگەردانیو پەژموردەیی، لەوساوەی کە رووحی مێژوو ئینجانەیەکی نەشکاوی بۆ جێنەهێشتووین، خەفەتی ئاگردانەکانیش بۆ بەردەوام دامانناگیرسێنێ، من هەڵگری گومانی گەورەم، گەورە وەك رووحیانییەتی بەئەزەلیبوونی جەستەکان، وەك زیندوێتی بەهای عیشق وەکو هەستە ستاتیکییە نەمرەکان ئەوانەی کە بۆ ساتێکیش بەشێکی جیانەبووەوەی مرۆڤن، لەوێوە ئێمە بەدیار چرکەکانەوە دانیشتووین دانە دانە دەیانژمێرین، پێموایە ئەوەندەی سەرقاڵی ئەژمارەکردنی دەقیقەکان بووین ئەوەندە نەهاتووین بەنێو دەقیقەکان خۆیاندا چرکەکان بە رازاوەیی پێشکەش بە خۆمان بکەین، ئەوەندەی سەیری رۆژئاوابوونمان کردووە ئەوەندە بیرمان لەهەڵاتنی نەکردۆتەوە، ئەمە چ حەقیقێکی لێنەبڕاوانەیە!!؟ لەوە نەگەین ئیدی هەموو شتێك بۆ ئێستابێ، با هەموو بەهایەك لە قاڵبی سەفادا بەمرۆڤ نیشانبدرێت، لە نێو ئەو خەیاڵە تێکشکاوەی مرۆڤایەتیدا دێم، دێم لەدایکدەبم دەبم بە کوڕی زەمەنێك بۆنی بخووری لێنایەت، دەبم بە برای شوێنکاتێك بە ئەمانەتەوە نامباتە دەرەوەی خۆیو بمهێنێتەوە، دەبم بە باوکی ژینگەیەك لەگەڵ ئۆکسجینا هەڵناکات، دەبمە عاشقی کەسێك نازانێ بۆنم بکاتو ناتوانێ لێم تێبگاتو بمخاتە نێو ساکە جیانەبووەکەی ملی خۆی، ئاخر ئەو لە هەموو شتێکا بیری دەچێ کە من ئەوە نیم بەرگەی بێدەنگی خۆیو دووریو سەرکێشیو تووڕەییو هەڵچوونەکانی بگرم،ئەو لێم دەپرسێ بۆ وا بیردەکەیتەوە؟ منیش بۆی روونەدەکەمەوەو پێیدەڵێم "چونکە خۆشەویستی نە ئەوەیە کە وەك بیابان لەجێی خۆت نەجولێی، نە ئەوەیە کە وەك با بە دنیادا هەڵێیو نە ئەوەشە کە وەك تۆ هەموو شتێك لەدوور را ببینێ، خۆشەویستی ئەو هێزەیە کە رووحی جیهان دەگۆڕێو باشتری دەکا، کاتێك بۆ یەکەمجار چوومە نێو رووحی دنیا پێموابوو بێ عەیبە. بەڵام دوایی دیتم کە رووحی دنیا لە راستیدا رەنگدانەوەیەکە لە هەرچی مەخلوق هەیە، دیتم کە ئەو عیشقیشی تێدایەو یەکترکوشتنیش، ئەوە ئێمەین کە دەبێ رووحی دنیا بەرەو باشی بەرین ئەگەر ئێمە باشتر بین لەوە کە هەین ئەو عەرزەش کە لەسەری دەژین باشتر دەبێ ...... ئەگەر ئێمە خراپتر بین، ئەویش بەرەو خراپی دەچێ، لێرەدایە کە هێزی خۆشەویستی دێتە کایەوە، چونکە خۆشەویستی یانی لەوەی کە هەین باشتر بین.." * دەبمە هاوڕێی کەسێك، شیعر شیعر دێتە ناو رووحمو یەك یەکە دەستی حەرفەکانم بۆ دەگرێو داگیرم دەکات، دەبمو دەبمو دەبم بە هەڵوەدای ناسینەوەی رەنگزادەکان، بە نەشمیلەکانی چاوی مەستبوونو شیعرییەتی چێژەکان، لەوێوە هەرگیز ناگەم بە ویستگەیەك پێی بڵێن کۆتایی، لەراستیدا من هەموو ئەوانە بە درۆ دەخەمەوە کە پێیانوایە مەرگ هەڵگری واتای کۆتاییە، چونکە لە نێو مەرگیشا لەرینەوەی لەتە رۆحەکان هەیە، جوینەوەی دیمەنەکانی

سەما هەیە، گەشەی ئازارو نەغمەی سەعادەت هەیە، لەودیوی مەرگیشەوە زیندەگییەکی نامۆتر هەیە، بەلاَم بەو مانا ئایدۆلۆژییە نا کە لێی تێگەیشتووین، بەو تێگەیشتنە نا کە بیستوومانە، لەبەر ئەوەی هەرگیز نەمتوانیوە جەستەیەك نەبم لە گومان، ئێستا ئەو شەوگارە خەواڵووانەم دێنەوە یاد کە بەدیار داتاکەمەوە لە خەمی چنینی حەرفەکاندا بوومو خۆم دەبووم بە ئاوێنەو ئاوێنەیەکی تریش لەتەکمەوە بوو، جارجارەش ئەو سەرە پڕ لە حەسرەتەی من کە لەناکاو تنۆك تنۆك فرمێسکی لێدەباری، لەبەدەمەستیدا داتاکەمی دەکردە سەرین، هەر ئەم رووداوەش بوو رۆژێکیان بۆیانگێڕامەوە کە لەگەڵ هەڵگێڕو وەرگێڕی سەرمدا بەسەر حەرفەکانی داتاکەمەوە لەبەرەبەیانێکی تووشدا بینیم بەخواروخێچی وشەیەکی‌زۆر سەقەت نووسرابوو"خۆشمدەوێیتو نا" کە دواتر لەدوای خۆیدا زەمبیلێك لە پەشیمانیو قەتارەیەك لە چاوەڕوانی لێکەوتەوە، من کە لە کتێبی زیندەگیدا گەیشتمە خاڵی لێکدانەوەی عەشقو بینیم کە لای ئێمە هەڵگری زیندوێتی نییە، هەڵگری ئیماژو مەغزای قووڵ نییە، ئیتر قەستی خوێندنەوەی زیاترم نەکرد، ئیتر ترساوم لەوەی کە ببینم ناوی عەشق بێ، من ناتوانم وا لە عەشق بگەم کەواتە من شایانی ئەوەم لەم گەردوونەدا دەربکرێمو زەویش لەخۆیم نەگرێ، من دەمەوێ ببمە با و هەڵوەشێمەوە، دەمەوێ لەنێو ریتمو ئاماژە سیحرییەکانی نۆتەکاندا بتوێمەوە، ئەوێ دوا مەنزڵگام بێ، هەندێ جار دەتگوت کتێبێکم بەدەستی مێژووەوە، لەیەککاتدا هەم دەخوێنرامەوە هەمیش دەدڕێنرام....ئیتر من تۆبە لە ناسینی ئەو دەکەم ئیدی من نامەوێ کەسێك بناسم کە تا هەبووم نەیتوانی بمناسێ.......!!!

***وتەی کاراکتەرێکی رۆمانی کیمیاگەری پاولۆ کۆیلۆیە.**

*jamalp@hotmail.com*